# ئازادی کۆمەڵگە
FREEDOM OF SOCIETY

ژمارە(٥١) پاییز(٢٠٢٦)

سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کوردستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## هزرینی ئۆجالان: پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید



ڕێزێک بۆ

## شەهیدانی حەلەب

2026

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦



# ڕێزێک بۆ
# شەهیدانی حەلەب

شەهیدان:

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین



**بەشداران**
جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
پاییز ٢٠٢٦
**٥١**

**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە
جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە
وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق
پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ
عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە
زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی
جەنێت بیڵ ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆڕ، فەزای تەخت، ماشینە جەنگییەکان و میدیای نوێ
ڤیرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك
سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کورستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ
گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!
سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفێستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی
هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت–نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و داڕشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت–نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆڵئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



## شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی

# کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید
وەرگێڕان: دەشتی مەحموود

## پوختە:

لێکۆڵینەوە لە بیرسای(i) دەوڵەت و حوکمڕانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەمانگەیەنێتە مشتومڕی ئەوەی کە گرفتێکی درێژخایەن لە کەلتووری سیاسیی ناوچەکەدا چەسپیوە. شرۆڤەکاران، پێشنیاری ئەوە دەکەن کە دەتوانرێت ئەم دەوڵەتانە بە دەوڵەتی شکستخواردوو هەژمار بکرێن. سەرەڕای ئەوەش، لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، چەندین هەوڵ بۆ چارەسەری قەیرانەکان و پێشنیارکردنی جێگرەوە بۆ پڕۆژەکانی دەوڵەتان و حوکمڕانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دراوە. ئەم توێژینەوەیە، ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە سێ خاڵی سەرەکیی. یەکەم: بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕیشەی هۆکارەکان و ئاکامەکانی ئاژاوەکە لە ئێستا و داهاتوودا شی دەکاتەوە. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، توێژینەوەکە ڕۆ دەچێتە ڕابردوو و لە هۆی ڕووداوەکان دەکۆڵێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە

(i) notion

وێنـەی تـەواوی ئاژاوەکـە تێبـگات. دووەم: پێشـنیار و تێڕامـان بـۆ جێگرەوە(i)ـی قەیرانـەکان دەکات، لـە ڕێگـەی پێداچوونـەوە بـۆ ئـەو جێگرەوە پێشنیارکراوانەی وا لـە سـەدەی ڕابردوودا ڕاپەڕێندراون، هەروەتر ئاکامەکانی گۆڕانکاریی چاودێرکراو. سێیەم: توێژینەوەکە، بەدواداچـوون بـۆ پڕۆژەیەکـی پێشـنیارکراوی دەکات کـە هێشـتا ڕانەپەڕێندراوە، ئەویش بۆ ئەو گرفتانـەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هـەن. ئـەم توێژینەوەیـە، هـەوڵ دەدات بـە وردیـی لـە ڕێبازێکـی تازەپێشـنیارکراوی بکۆڵێتـەوە کە لـە ڕووی تیۆرییـەوە لێکۆڵینـەوەی کـەم لـێ کـراوە و کەمتـر تاوتـوێ کـراوە. تاوتـوێ لەسـەر ئـەم نموونەیـە، بە دەگمـەن بـەر ڕۆشـنایی ئەکادیمیـای گشـتیی، ڕاگەیاندن و ناوەندەکانـی بیرکردنـەوە کەوتـووە. کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک پڕۆژەیەکـە وەک چارەسـەر بـۆ گرفتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێشـنیار کـراوە. ڕێبازێکـی جەماوەریـی کۆمەڵایەتییـە، وەک جێگرەوەیەکی واقیعی پێشـنیار کراوە بۆ نموونـەی دەوڵەتی نەتـەوە کـە بـە درێژایـی سـەدەی ڕابـردوو شـێوازی سـەرەکیی حوکمڕانـی بـووە لـە ناوچەکـەدا.

سـەروشـە: دەوڵـەت-نەتـەوە؛ کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک؛ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت؛ پەراوێزخسـتن، دەوڵەتـی شکسـتخواردوو.

---

(i) Alternatives

## پێشەکیی

مشتومڕی ئەوە دەکرێت، دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە چەند هۆکارێک تایبەتمەندن، ئەمە دەیانخاتە پۆلی دەوڵەتە شکستخواردووەکانەوە. هەندێک هۆکار بریتین لە نەبوونی ڕەوایێتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، ئەمەش بەهۆی پاوانی دەسەڵات لەلایەن دەستەبژێری پارەدار و ناهاوسەنگیی لە پەیوەندیی لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، هەروەتر نەبوونی دیموکراسیی و وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن خەڵکەوە، لەگەڵ نەبوونی کارکردی مەدەنیی و دامەزراوەیی مەدەنیی بۆ حوکمڕانی و لەباربردنی سەروەری یاسا، ئەویش بەهۆی خزمخزمێنە و مەحسوبییەت و نایەکسانیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دادپەروەرییدا. ئەم هۆکارانە، بوونەتە هۆی ئەوەی گەل بە بێمتمانەیی و ناچاریی پابەندی دەوڵەت بن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان نەک بە ڕەزامەندیی و هاوکاریی خۆبەخشانە. زۆر جار، تاکەکانی ئەم دەوڵەتانە، هەستی ڕاستەقینەی پێوەبەندییان بە خاک و دەوڵەتەکانەوە نییە(i). بۆ نموونە، لە هەموو ئەم وڵاتانەدا، خزمەتی سەربازیی، ناچارییە.

جگە لەوەش، ئافراندن و بەشداریی لە شارستانییەت لە ڕێی داهێنان و دەستکەوتە زانستییەکانەوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەماون. داهێنان لەناو ئەم کۆمەڵگا و دەوڵەتانەدا ماوەیەکی زۆرە بزر بووە و لە ئاکامدا گەندەڵیی بەربڵاو و بیرۆکراسیی ناکارامە لە سەرانسەری وڵاتاندا بڵاو

---

(i) N. Barma, ‘Failed State’, Britannica, (28 June 2024), available at: https://www.britannica.com/topic/failed-state.

بووەتـەوە.(i) بێکاریـی و کەمکاریـی بـاوی سـەندووە و کەسـانی ناشایسـتە پێگەکانیـان لـە سەرانسـەری وڵاتەکانـدا داگیـر کـردووە. بنیادنانـی نەتـەوە دەسـتکردەکان و گێڕانـەوەی مێـژووی زیـادەڕەو و هەڵبەسـتراو بـۆ وڵاتـان و پێشـەواکان لـە پـەروەردە و گوتـاری فەرمیـی ئـەم دەوڵەتانـەدا دیـارە.(ii) ئەمانـە و چەنـد هۆکارێکـی تـر بەشـدارن لـە تایبەتمەندکردنـی ئـەم دەوڵەتانـە وەک دەوڵەتانـی شکسـتخواردوو.(iii) بۆیـە، لێکۆڵینـەوە لـە هۆکارەکانـی پشـت ئـەم جـۆرە شکسـتانە، دەتوانێـت یارمەتیـدەر بێـت لـە بیرکردنـەوە لـە چارەسـەر و پێشـنیارکردنی جێگـرەوە بـۆ ئـەو قەیرانانـەی مـاوەی سـەد سـاڵە بـەردەوام ئـەم کۆمەڵگایانـە دەپڕووکێنێتـەوە.

بـەم شـێوەیە، ئـەم توێژینەوەیـە لێکۆڵینەوەیـە سـێ خـاڵ بـە ئامانـج دەگرێـت: یەکـەم: بـە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانـە لـە قەیرانەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەنۆڕێـت، ڕیشـەی هـۆکارەکان و ئاکامەکانـی ئـاژاوە لـە ئێسـتا و داهاتـوودا. بـۆ بەدیهێنانـی ئەمـە، پێویسـتە بگەڕێینـەوە بـۆ ڕابـردوو و لـە هـۆی ڕووداوەکان بکۆڵێنـەوە، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی لـە چوارچێوەی وێنـەی کـۆی ئاژاوەکـە تێبگەیـن. دووەم: پێشـنیار و تێڕامـان لـە هەنـدێ لـە جێگـرەوەی قەیرانـەکان. بـۆ

(i) ‘How the Middle East is becoming an innovation hub’, Ux Connections, (26 October 2022), available at: https://www.uxconnections.com/how-the-middle-east-is-becoming-an-innovation-hub/.

(ii) N. Kabbani, ‘Youth employment in the Middle East and North Africa: Revisiting and reframing the challenge’, (26 February 2019), available at: https://www.brookings.edu/research/youth-employment-in-the-middle-east-and-north-africa-revisiting-and-reframing-the-challenge/.

(iii) A. Bali, ‘Artificial states and the remapping of the Middle East’, Vanderbilt Journal of Transnational Law 53(2), (2021), pp. 405–460.

ئەمـەش پێویسـتە پێداچوونـەوە بـۆ ئـەو جێگـرەوە پێشـنیارکراوانەی وا لـە سـەدەی ڕابـردوودا ڕاپەڕێنـدراون، لەگـەڵ ئاکامەکانـی گۆڕانکاریـی چاودێرکـراو، لـەو کاتـەوە بکرێـت. سـێیەم: بەدواداچـوون بـۆ پڕۆژەیەکـی تـازەی پێشـنیارکراو، کـە هێشـتا بـە تەواوەتیـی ڕانەپەڕێنـدراوە، دەکەیـن، ئەویـش بـۆ ئـەو گرفتانـەی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و شـوێنەکانی دیکـە هـەن. پێویسـتە بڕوانینـە نموونەیەکـی پێشـنیارکراو کـە لـە ڕووی تیۆرییـەوە تـا ئەندازەیـەک تاوتـوێ کـراوە. کەچـی، تاوتـوێ لـە سـەر ئـەم نموونەیـە، بـە دەگمـەن بـەر ڕۆشـنایی ئەکادیمیـای گشـتیی، ڕاگەیانـدن و خانەکانـی بیرکردنـەوە کەوتـووە. ئـەم گوتـارە پێشـنیارکراوە تازەیـە، پێـی دەگوترێـت، کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک(i). ئەمـەش، پڕۆژەیەکـە وەک چارەسـەرێک بـۆ قەیرانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێشـنیار کـراوە. کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک، ڕێبازێکـی جەماوەریـی کۆمەڵایەتییـە، وەک جێگرەوەیەکـی واقیعیـی پێشـنیار کـراوە بـۆ نموونـەی دەوڵـەت-نەتـەوە کـە بـە درێژایـی سـەدەی ڕابـردوو شـێوازی سـەرەکیی حوکمڕانـی بـووە لـە ناوچەکـەدا. بـە سـادەیی و بـە کورتیـی دەتوانرێـت بگوترێـت کـە؛ کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک، فەلسـەفەیەکی سیاسـییە و لامەرکەزییـەت (خۆجێـی - ناناوەندێتیـی)، دیموکراسـیی ڕاسـتەوخۆ و فێمینیـزم بـە پێشـینە دەگرێـت. پاوانخوازیـی، نەتەوەگەرایـی، تێکدانـی ژینگـە، ڕەگەزگەرایـی،

---

(i) کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک چەمکێکی سیاسییە و لەلایەن عەبدوڵا ئۆجالانەوە تیۆریزە کراوە. ئەم بیرۆکەیە، تاوتوێی سیستەمێکی خۆڕێکخەری دیموکراسیی دەکات و تایبەتمەندییەکانی کۆنفیدڕاڵییە، کە لەسەر بنچینەی بنەماکانی سەربەخۆیی، دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، ژینگەی سیاسیی، فێمینیزم، فرەکەلتووریی، بەرگریی ڕەوا، خۆبەڕێوەبەریی و توخمەکانی هەرەوەزیی ئابووریی دامەزراوە. لە کرداردا، لە ژێر کاریگەریی ژینگەگەرایی کۆمەڵایەتیی و شارەوانیی ئازادیخوازانەدایە.

نایەكسانیی ئابووریی، بیرۆكراتی سۆسیالیزمی دەوڵەتیی و سەرمایەداریی، ڕەت دەكاتەوە. ئیدارەیەكی سیاسیی نادەوڵەتیی لەخۆ دەگرێت كە چوارچێوەی ڕێكخستنی خۆسەر بۆ هەموو جڤاتێک، بە شێوەیەكی دەستەجەمیی بۆ پێكهاتە كەمینەكان دابین دەكات. ئەم شێوازە لە دیموكراسی ڕادیكاڵ یاخود (بەشدارانە) هەم دیموكراسیی ڕاستەوخۆ و هەم دیموكراسیی نوێنەرایەتیی دەگرێتەوە، كە هاووڵاتییان ڕۆڵێكی سەرەكیی لە بڕیاردان و ڕێكخستنی سیاسییدا، دەگێڕن.(i) ئەم پڕۆژەیە لەلایەن بیرمەندێكەوە بە ناوی عەبدوڵا ئۆجالان(ii) پێشنیار كراوە، ئەو بیستوشەش ساڵە لە زیندانی دەوڵەتی توركیادایە، بە شێوەیەكی سەرەكیی لە زیندانی تاكەكەسییدا، بەو پێیەی لەلایەن دەوڵەتی توركەوە وەك سەری تیرۆر ناوزەند كراوە. هەروەتر، تەواوی جیهان دڕدۆنگانە مامەڵەیان لەگەڵ دۆسییەكەدا كردووە و بەبێ لێكۆڵینەوە و پاساو، ناونانەكانیان قەبووڵ كردووە. دەتوانرێت ئۆجالان بە بیرمەندێكی كاریگەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار بكرێت، بە تایبەت لەنێو هاونیشتیمانییانی كورد لە ناوچەكەدا.

## ئاژاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

لە ساڵانی كۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی وردەوردە خاكەكەی لەدەست دەدا، دەسەڵاتەكەی

(i) K. Raha, ‘What is democratic confedralsim?’, Journal of Humanistically Speaking, (30 April 2023), available at: https://www.humanisticallyspeaking.org/post/what-is-democratic-confederalism.

(ii) D. Graeber, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 179.

کـەم بـووەوە، دواجـار لـە دەیەکانـی سـەرەتای سـەدەی ڕابـردوودا، دارِمـا. دارِمانـی ئیمپراتۆرییەتەکـە ڕووداوێکـی بێهاوتـا نەبـوو؛ دارِمانـی هاوشـێوە بـە سـەر هاپسـبورگەکانی ئیمپراتۆریەتیـی نەمسـا-هەنگاریا و ڕۆمانۆڤەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیادا هاتبوو. تـا کۆتایـی جەنگـی جیهانیـی یەکـەم هـەر سـێ ئیمپراتۆرییەتەکـە ڕووخابـوون. خاکەکانـی ژێـر ئیمپراتۆریەتـی ڕووسـیا بەهـۆی شـەڕێکی ناوخۆیـی درێژخایـەن گیـرۆدە بـوون و ئیمپراتۆرییەتـی نەمسـا-هەنگاریا هەڵوەشـا بۆ دەوڵەتۆچکـەی جێنشـین، نەخشـەیەکی کێشـراوەی ئەورووپـای ڕۆژهەڵاتـی پێـک هێنـا. بـەڵام، چارەنووسـی ئیمپراتۆرییەتـی عوسـمانیی جیـاواز بـوو. لـە دۆخـی شکسـتی خاکدا، خاکـە ئەنادۆڵییەکانـی داگیرکـران و خاکـە عەرەبییەکانـی دابـەش کران و خراونەتـە ژێـر فەرمانـی ئیمپراتۆرییـەوە، ئەمـەش لەلایـەن بـەرە سـەرکەوتووەکانی ئەورووپیـی شـەڕەکە سەرپەرەشـتیی دەکـران.(i)

هیـوای گـەل بـۆ ئازادیـی و ژیانێکـی باشـتر دوای گەندەڵیـی و خـراپ بەڕێوەبردنـی درێژخایـەن لـە ژێـر ئیمپراتۆریەتـی لاواز و نەخۆشـدا، بـەرز بـووەوە. بـەڵام، کۆڵۆنیالیـزم و زلهێـزە دەرەکییـەکان ڕۆڵێکـی چارەنووسسـازیان هەبـوو لـە دووبـارە کێشـانەوەی نەخشـەی ناوچەکـە و دارِشـتنی سـەردەمی نوێ. لـە کاتێکدا گـەلان و نەتـەوەکان و پەرسـتە ئایینییـەکان و پێکهاتـە خێڵەکییـەکان و دەسـتە خانەدانـەکان بەئاگا دەهاتنـەوە و بیریـان لـە دارِشـتنەوەی قەوارەکانـی خۆیـان دەکـردەوە بەپێـی هەلومەرجـی نـوێ، شـتێکی تونـد و نامـۆ و

(i) A. Bali, ‘Artificial states and the remapping of the Middle East’, Vanderbilt Journal of Transnational Law 53(2), (2021), pp. 405–460.

تا ئەندازەیەک سەرنجکێش بەسەر گەلاندا هات. ئەمەش بەهۆی پڕوپاگەندەی زلهێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە بوو کە بەبێ ڕەزامەندی و ڕێککەوتن بەسەر گەلاندا سەپێندرا. دامەزراندنی دەوڵەتی تازەی دەستکرد لە ژێر ناوی دەوڵەت-نەتەوە(i) و ڕزگاریی گەلان هاتە کایەوە. هەر لەو پێوەندییەدا، هەندێ گەل لە نێو ئەو سندووقە بچووکە نوێیانەدا جێگایان کرایەوە، هەندێکی دیکەش بەدەر کران و ناچار بوون سەردەمی نوێی دەوڵەتی نەتەوەیی و بە ناو ڕزگاریی گەلان قەبووڵ بکەن.

لەژێر ناوی عەرەب و تورکدا چەندین دەوڵەتی دەستکرد دامەزران. کەچی، هەندێ گەلی دیکە، بە تایبەت کورد و ئەرمەنیی، ڕاستییەکەی چەند گەلێکی دیکەش، لە مافە کۆمەلایەتیی، سیاسیی و کەلتوورییەکانیان بێبەش کران.(ii) بەمشێوەیە، ئایدۆلۆژیا و گوتاری فەرمیی دەوڵەتانی تازەدامەزراو، گوزارشتی لە ئیرادە و خواستی هەرە زۆرینەی گەلانی ناوچەکە نەدەکرد. بەڵکوو زلهێزە کۆلۆنیالیستەکان بە شێوەیەکی دەستکرد چەندین دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ نەتەوە و سەرکردە خێڵەکییە جۆراوجۆرەکان درووست کرد، جا ئەمەش بەبێ ڕەزامەندیی زۆرینەی گەلانی ناوچەکە. هەموو سنوورەکان ناچارانە هەڕەمەکیین، چونکە ئەو هێڵە سیاسییانەی لەسەر نەخشەیەک کێشراون، بە دەگمەن

(i) Y. Feinstein, ‘Nation State’, Britannica, (20 June 2024), available at: https://www.britannica.com/topic/nation-state.
(ii) S. Saeed, Kurdish Politics in Turkey: From the PKK to the KCK (London: Routledge, 2017), p. 14.

هـاوكات دێنـەوە لەگـەڵ نەخشـەی خۆڕسـک. بێگومـان، ناسـنامە كۆمەڵایەتییـەكان ئـەو سـنوورە سرووشـتییە بەرهـەم ناهێنـن لەگـەڵ جێگۆڕكێـی دیمۆگرافیـادا بگۆڕدرێـن.(i) دەیـان ناسـنامەی جیـاوازی ئایینیی، نەتەوەیی، كەلتووریـی، كۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی چەوسـێنرانەوە و لـە گۆڕەپانـی گشـتیی و سیاسـییدا سـڕدرانەوە. گەلانـی ڕەسـەنی ناوچەكـە، ناچـار بـوون تێكـەڵ بـە ناسـنامەی تـازە درووسـتكراوی دەسـتكرد، بـەڵام فەرمیـی دەوڵەتـەكان بـن.

بە ئاوڕدانـەوە لـە تـەواوی سـەد سـاڵی ڕابردوو، لـە دوای ڕووخانی عوسـمانییەكان و ڕووداوەكانـی سـەدەی ڕابـردوو، مـرۆڤ بـەم تێگەیشـتنە دەگەیەنێت، بەهـۆی چەنـد هۆكارێـک، هەنووكـە دەتوانرێت ئـەم دەوڵەتانـە لـە ڕیـزی دەوڵەتـە شكسـتخواردووەكاندا پۆلێـن بكرێـن. سیاسـەت و حوكمڕانیی ئەو دەوڵەتە دەستكردانە شكستی خواردووە، سـەرەڕای چەندیـن پێشـنیاری چارەسـەر و هەوڵـدان بـۆ ڕاپەڕاندنـی چاكسـازیی لـە سیسـتەمی دەوڵەتانـدا. لێرەدا چەنـد هۆكارێـک دەخەینە ڕوو، كـە دەتوانـن بیرسـای شكسـت نیشـان بدەن.

### كێماسی (ii) سەروەریی یاسا

كاتێـک مـرۆڤ سـەیری بارودۆخـی گـەلان لـە هـەر كوێیەكـی وڵاتـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەكات، بیرسـای سـەروەریی یاسـا،

(i) A. Bali, ‘Artificial states and the remapping of the Middle East’, Vanderbilt Journal of Transnational Law 53(2), (2021), pp. 405–460.
(ii) lack

دەوڵـەت و دامەزراوەکانـی یاسـادانان لـە ژێـر دەسـتی ئـەو کەسـە دەسـەڵاتدارانەدا دەبینێتـەوە وا لـە لوتکـەی پلەبەندیی دەوڵەتدان. واتە، تەنیا بە ڕووکەش دامـەزراوەی یاسایی هەیـە.(i) بەڵام، لە بنەڕەتدا دەسـەڵات لـە دەسـتی دامـەزراوە یاسـاییەکاندا نییـە. هەرچەنـدە چەنـد جارێـک هەندێـک سیاسـەتمەدار و سـەرکردە و دەسـەڵاتداری بەهێـز، ڕووخێنـران و جۆرەهـا بەڵێنـی چاکسـازیی دراون؛ کەچـی دەسـەڵاتە دادوەرییـەکان زۆربەیـان گۆڕانکارییـان بەسـەردا نەهاتـووە. ئـەوەی ڕاسـتیی بێـت، دەوڵەتـی یاسـا لـە ناوچەکـەدا تـا ئەندازەیـەک ناکارامـە ماوەتـەوە، زیاتـر ئامرازێکـە بـۆ هەرکەسـێک کـە بەڕێککەوت لـە دەسـەڵاتدایە، نـەک مەکۆی نێوەندگیری ناکۆکییـە کەسـیی و بازرگانییـەکان و فەراهەمکردنـی دادپەروەریـی بێـت. لـە وڵاتانـی وەک ئێـران، ئێـراق، سـووریا، تورکیـا و چەنـد وڵاتێکـی تـر، خەڵـک لـە بـەردەم یاسـادا یەکسـان نیـن. دامـەزراوە یاسـاییەکان لەسـەر ڕاسـتەڕێی خۆیـان کار ناکەن. لـەم ڕووەوە هـەزاران نموونـە هـەن. بۆ نموونـە، لـە لوبنـان، کـە دەتوانرێـت بـە عەلمانیتریـن وڵاتـی ناوچەکە هەژمـار بکرێـت، هەرچەنـدە بارگرانیی زۆر لـە سـەر یاسـا ئایینییەکانـە، بەڵام ڕابەرانـی پێکهاتـە ئاینییـە فەرمییە دانپێدانـراوەکان، یانەیەکـی دەسـتەبژێرییان پێـک هێنـاوە و کاریگەرییەکـی سیاسـیی بەرچاویـان هەیـە. بەپێـی یاسـای دامەزراندنـی دادگای دەسـتووریی، کـە پێـی دەوترێـت «ئەنجوومەنـی دەسـتووریی»، مافی ئەوەیـان هەیە داوای پووچەڵکردنـەوەی هـەر یاسـایەک بکـەن کـە مەترسـیی بێـت بـۆ

(i) B. Daragahi, 'Middle East: against the law', Financial Times, (1 November 2013), available at: https://www.ft.com/content/908751bc-4163-11e3-b064-00144feabdc0.

سەر خواپێداوێتییەکانیان(i). بەم شێوەیە لە ناوچەکەدا، سەروەریی یاسا، لە ژێر بەزەیی دەستەبژێری بەهێزی ئایینیی و خێڵەکییدایە، نەک ئەو سیستەمەی بتوانێت بە یەکسانیی مامەڵە لەگەڵ هەر هاووڵاتییەک بکات.(ii)

## کێماسیی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوون

دەوڵەتە دەستکردەکانی ناوچەکە زەبریان لە هاوئاهەنگیی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی و فرەچەشنیی و فرەڕەنگیی کەلتووریی نێو چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوە تازە دامەزراوەکان داوە.(iii) سەپاندنی باوەڕێکی ئایینیی بە سەر ئەوانی تردا، زمانێک بە سەر ئەوانی تردا، نەتەوەیەک بە سەر ئەوانی تردا، ڕەگەزێک بە سەر شووناسە ڕەگەزییەکانی تردا؛ ئەمەش پەشێوییەکی مەزنی لە سرووشتی هەمەچەشن و یەکگرتووی گەلان لە هەموو ناوچەکەدا خستووەتەوە. بەم شێوەیە، بابەتی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوونی ڕێزدار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ژێر پرسیاردایە. تەنیا ئەو کەسانە ڕێزیان لێ دەگیرێت کە دەتوانن لەگەڵ سیاسەت و کاری ئەو دەستەبژێرەدا بگونجێن وا دەسەڵات و سەرچاوەکانیان پاوان و جڵەو کردووە. لە وڵاتانی کەنداو، بارودۆخی مافی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان و

(i) privileges

(ii) M. Mugrabi, ‘Some impediments to the rule of law in the Middle East and beyond’, Fordham International law Journal 26(3), (2002), pp. 771–784.

(iii) A. Ocalana, Democratic Confederalism (London: Transmedia Publishing Ltd, 2011), p. 14.

مامەڵەی چەوت لەگەڵ کەمینەکان لە دۆخێکی چارەنووسسازدایە.(i)
لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێشتا ڕێبازێک هەیە و هەموو جۆرە هەڵبژاردنێکی دەربڕینی بیرۆکە و مافەکان بە مەترسیی دەبینێت.(ii) ئەم هاووڵاتییانەی تا ئەمڕۆ هیچ بژاردەیەکیان پێ نەدراوە بۆ مانەوە لە ژێر دەسەڵاتی دەستەبژێری بەهێزدا، ئەمەش خۆدزینەوە لە باج و بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنی نوێنەری لێ کەوتووەتەوە. لێرەوە لەم وڵاتانەدا زۆرینەی خەڵک وەک هاووڵاتیی پلەدوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەوان ئەرکیان لە خاوەن وڵاتەکان زیاترە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، بەراورد لەگەڵ خاوەن وڵاتان، مافی کەمتریان هەیە. ئەمەش ناوکی بیرسای کێماسیی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوونی ڕێزدارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## ڕیزنەگرتن لە زانین و داهێنان

لە کاتێکدا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان دادەنرێن، سەرچاوە سرووشتیی و مرۆییەکان بە زەوەندیی بەردەستن؛ بەڵام ناوچەکە بەردەوام لە ڕاپرسییە

(i) T. Brown, 'Human rights in the Gulf states', Uk Parliament, House of lords Library, (17 November 2022), available at: https://lordslibrary.parliament.uk/human-rights-in-the-gulf-states/.
(ii) J. Kagan, 'Taxation without representation: what it means and history', Investopedia, (15 February 2024), available at: https://www.investopedia.com/terms/t/tax_without_representation.asp.

جیهانییەکانی داهێناندا، لە ڕیزبەندیی پلەی نزمدا بووە.(i) گەلانی ناوچەکە وەک هاووڵاتییەکی ڕاستەقینە مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت کە ماف و هیوا و ئارەزووی بەدەستهێنانی شتێک و بنیادنانی داهاتوویان هەبێت. دەتوانین بڵێین، زۆربەی هاووڵاتییان لە وڵاتەکانیان وەک ئەوەی میوان بن یان لە ناو کەمپی پەنابەر و کۆمەڵگای زۆرەملێدا بژین، وەهان. بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، ئەگەر هەر دەرفەتێکیان هەبێت، وڵات بەجێ دەهێڵن و ژیانێکی جیاواز لە خاکێکی جیاوازدا، دوور لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێ دەکەن؛ بڕێکی زۆریان دڕدۆنگ نین لە جێهێشتنی وڵاتەکانیان.(ii) کۆچکردن بۆ دەرەوەی ناوچەکە، دیاردە و ڕەوتێکی گەورەیە. ساڵی ۲۰۲۲ دامەزراوەی ڕاپرسیی گەنجانی عەرەب، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ۳۳٪ی گەنجانی عەرەب دەیانەوێت کۆچ بکەن یان بیریان لە کۆچ کردووەتەوە. جگە لەوەش، هەندێک لە کۆچبەران، بە تایبەت ئەفغانییەکان، لە کاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئەورووپا بە ناو وڵاتانی ناوچەکەدا بازێن دەکەن.(iii) ئەم پرسە بە شێوەیەک بڵاوە، پێویست ناکات مرۆڤ بۆ سەلماندنی، بەڵگە و نموونە بهێنێتەوە. لە دۆخی بەم ڕەنگەدا، کێ دەتوانێت خولیای گەورەی بۆ ڕێزگرتن لە زانین و زانست هەبێت. کێ دەتوانێت کات بۆ وەبەرهێنان لە داهێنانێکی

(i) Wharton Staff, ‘The challenges for developing innovation in the Middle East’, (2 April 2012), available at: https://knowledge.wharton.upenn.edu/article/the-challenges-for-developing-innovation-in-the-middle-east.
(ii) P. Salem, ‘The most important drivers shaping the region in 2023’, Middle East Institute, (30 January 2023), available at: https://www.mei.edu/publications/turbulent-year-mena-2023-economic-stresses-political-instability-and-need-decisive.
(iii) K. Anderson, ‘Migration is key issue facing Middle East’, Arab News, (20 December 2021), available at: https://www.arabnews.com/node/1990311.

زانستییدا تەرخان بکات. بێگومان، لە ناوچەکەدا، سەدان یان هەزاران بەناو زانکۆ و دامەزراوەی زانستیی هەن. بەڵام دەتوانین بە سادەیی بێژین، تەنانەت دامەزراوەیەک نادۆزرێتەوە بە ڕاستیی و درووستیی کار لە سەر ڕێگای ڕاستیی داهێنان و دەستکەوتە زانستییەکان بکات.(i) بە دڵنیاییەوە سەرمایەی گەورەی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی و سرووشتیی هەیە و دەتوانرێت بۆ مەبەستی داهێنان بەکار بهێنرێت. بەڵام لەم ڕووەوە؛ بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڕێوەبردنی تەواوی سیستەمەکە شکستی خواردووە. بەمشێوەیە، ئاماژەکانی کێشە سەرەکییەکە لە چوارچێوەی سیستمی بەڕێوەبردن و حوکمڕانیی لە ناوچەکەدا دەردەکەون.

## ڕیزنەگرتن لە سرووشت و ژینگەناسیی (ii)

دەوڵەتە دەستکردەکانی ناوچەکە، هەرگیز وەک پرسێکی گرنگ، نەیانڕوانیوەتە بابەتی سرووشت و ژینگەناسیی. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گریمانە دەکرێت تۆزی بیابان لەسەروو پیسبوونی هەواوە بێت، ئەمەش پێشێلکردنی هەمیشەیی ڕێنماییە تەندرووستییە گشتییەکانە.(iii) بەڵام هیچ سیاسەتێکی شێلگیر سەبارەت بە پاراستن و بەکارهێنانی سامانە سرووشتییەکان نییە، بەو شێوەیە

(i) H. Ofek, ‘Why the Arabic world turned away from science’, The New Atlantis, (2011), available at: https://www.thenewatlantis.com/publications/why-the-arabic-world-turned-away-from-science.

(ii) Ecology

(iii) S. Osipov, et al, ‘Severe atmospheric pollution in the Middle East is attributable to anthropogenic sources’, Communications Earth & Environment 3(203), (2022), available at: https://doi.org/10.1038/s43247-022-00514-6.

زیان بە سرووشت و ئەو بوونەوەرانە (بە مرۆڤیشەوە) دەگات، وا لە بارودۆخی سرووشتییدا لە چوارچێوەی ژینگەی سرووشتییدا دەژین. لە کاتێکدا کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوا، COP28، کە ئیمارات لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ میوانداریی کرد، بەستراوە.(i) کەچی بە کردەوە، زۆرینەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز بە ڕژدی گرنگییان بەم پرسە چارەنووسسازە نەداوە. دۆخی چەندین پابەندبوونی کەشوهەوا کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت لەسەر بەرەوپێشچوونەکان و بێگومان درێژەپێدانی ڕێککەوتنی پاریسی ٢٠١٥.(ii) ئەنجامدانی ئەم جۆرە کۆنفرانسە و گەیشتن بەو جۆرە ڕێککەوتنانە لە بەشە پێشکەوتووەکانی جیهان، دەبێت کاریگەریی لە سەر سیاسەت و کارکردن لە سەر پرسی کەشوهەوا و ژینگە هەبێت. بەڵام کاتێک، باسی بەرژەوەندیی و چڵێسیی و هەژموون دەکرێت؛ سیستمی سەرمایەداریی، کە دیارە جڵەوی تەواوی خۆی بە سەر سیاسەت و کاری دەوڵەتانی ناوچەکەدا گرتووە؛ هەرگیز بە گرنگییەوە ڕەچاوی سرووشت و ژینگە ناکات. دەتوانین بڵێین، زۆرینەی کارەساتە سرووشتییەکانی وەک لافاو و بوومەلەرزە بە جۆرێک لە جۆرەکان هۆی مرۆیی لە پشت بووە و بەهۆی مامەڵەی خراپ بووە لەگەڵ سرووشت لەلایەن پڕۆژە سەرمایەدارییە پیشەسازییەکانەوە.(iii) بۆیە پرسی ڕێزگرتن لە سرووشت و ژینگە

(i) M. Mahmoud, ‘A consequential year for climate obligations’, Middle East Institute, (30 January 2023), available at: https://www.mei.edu/publications/turbulent-year-mena-2023-economic-stresses-political-instability-and-need-decisive.

(ii) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(iii) S. Osipov et al, ‘Severe atmospheric pollution in the Middle East is attributable to anthropogenic sources’, Communications Earth & Environment 3(203), (2022).

خاڵێکی تری چارەنووسسازە و دەتوانێت دەوڵەتە دەستکردەکانی ناوچەکە بۆ خەرەندی شکست لێژ بکاتەوە.

بە دڵنیاییەوە چەند هۆکارێکی تریش هەن کە دەکرێت وەک بەڵگەیەک بۆ شکستی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەبوونی قەیرانی کوشندە و ئاژاوەی ئاڵۆز ڕیز بکرێن. بەڵام دەکرێت ئەم چوار هۆکارە سەرەکییە بەس بن بۆ ئەوەی هەر قەوارەیەک دارمێنێت. بەم شێوەیە، دەبێ گەلانی ناوچەکە بە ڕژدیی بیریان لە گەڕان بەدوای چارەسەر و پێشنیارکردنی جێگرەوە بۆ دۆخی هەنووکەیی ناوچەکە کردبێتەوە.

## جێگرەوە پێشنیارکراوەکان بۆ قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بۆ ئەوەی مرۆڤ تێبگات و پاشان جێگرەوەیەک پێشنیار بکات، پێویستە لە ڕیشەی قەیرانەکە تێبگات. پێویستە مرۆڤ لەو خاڵە سەرەکییانە تێبگات، کە زۆرینەی خەڵکیان ناڕازیی کردووە لەو هەلومەرجەی هەنووکە تێیدا دەژین. جا هۆکارەکانی قەیرانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی(i) زۆرینەی ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە دەستکردە شکستخواردووەکاندا چین؟ بۆچی زۆرینەی خەڵک هەست ناکەن ئەو دەوڵەتەی [تێیدا دەژین] هی خۆیان نییە؟ بۆچی هەموو هەوڵێکیان شێوەیەکە لە خۆگریی

(i) M. Oxenford, ‘The lasting effects of the financial crisis have yet to be felt’, Chatham House, (16 January 2018), available at: https://www.chathamhouse.org/2018/01/lasting-effects-financial-crisis-have-yet-be-felt.

لـە بەرکەوتـن لەگـەڵ سـتەمی دەوڵـەت و دەسـەڵاتداران لـە ژیانـی ڕۆژانەیانـدا؟ (i) ئـەم پرسـیارانە دەتوانـن یارمەتیـی مـرۆڤ بـدەن بـۆ بینینـی ڕیشـەی کێشـەکە. دەتوانیـن مشـتومڕی ئـەوە بکەیـن کـە ڕیشـەی کێشـەکە لە بیرسـای پەراوێزخستنی هەندێک دەستە لەلایەن هەندێک دەسـتەی دیکەوە سـەرچاوە دەگرێت. (ii) ئەوە دەشـێت بەهۆی چڵێسـیی دەسـەڵات و هەندێـک جیاوازیـی نێـوان دەسـتەی زلهێـز و بێدەسـەڵاتەکان بێـت. بـە درێژایـی مێـژوو، بیرسـای پەراوێزخسـتن و بێڕێزیکـردن بـە جیاوازییـەکان، بـە هـۆی چڵێسـیی و زگەڕۆیـی دەسـەڵاتخوازیی لەلایـەن هەندێک دەسـتە لـە کۆمەڵگاکاندا دەبینرێت، بەڵام تیشک خستنە سـەر ئەم بیرسا نەرێنییە لە ژێر ناوی دەوڵەت-نەتـەوە و ڕزگاریخوازیـی، لـە سـەد سـاڵی ڕابـردوودا لـە دڕندەتریـن جۆرەکانیدا بینـراوە. (iii) پاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیی، زلهێزە کۆلۆنیاڵیستەکان بە شێوەیەکی دەستکرد ناوچەکەیان داڕشتەوە و برەویـان بـە بزووتنەوەکانـی بـە نـاو ڕزگاریخوازیـی نەتەوەیـی دا و پشـتیوانیی چەندیـن دەسـتەبژێر و سـەرکردەی خێڵەکییـان کـرد بـۆ دامەزراندنی قەوارەی بچووکتـر لـە ژێـر نـاوی وڵات و دەوڵەتی نوێدا. لـە ئەنجامـدا بـێ گوێدانـە ڕەزامەندیـی و ئیـرادەی زۆرینـەی گەلانـی ناوچەکـە؛ چەندیـن دەوڵەتـی دەسـتکرد دامـەزراون. (iv) لەسـەر ئـەو

(i) B. Milton-Edwards, ‘Most people in the Middle East are living on the edge’, Brookings, (10 December 2017), available at: https://www.brookings.edu/opinions/most-people-in-the-middle-east-are-living-on-the-edge/.

(ii) L. Fawcett, ‘States and sovereignty in the Middle East: myths and realities’, Journal of International Affair 93(4), (2017), pp. 789-806.

(iii) A. Ocalan, Democratic Confederalism (London: Trans Media Publishing Ltd, 2011), p. 18.

(iv) A. Bali, ‘Artificial states and the remapping of the Middle East’, Vanderbilt Journal of Transnational Law 53(2), (2021), pp. 405-460.

خاکانەی کە زۆرینەی خەڵکی عەرەب ئاخێو دەژین، نزیکەی بیست دەوڵەتی نەتەوەیی جیاوازیان بە ئاڵای جیاواز و بە ناو هێمای نەتەوەییەوە دروست کردووە. کەچی، زۆرینەی ئەو کەسانەی کە تازە ئەرکی دڵسۆزبوون بەم دەوڵەتانەیان پێ دراوە، پرسیاریان لێ نەکرا ئایا ئەمەیان دەوێت یان نا. لەناکاو، سنوورەکان کێشران و بوونە سنووری پیرۆز، جا بێ مۆڵەتی بە ناو یاسایی نەدەکرا تێپەڕێنرێن.(i) لە هەردوو دیوی سنوورەکان، لە پڕ برا و ئامۆزا لە دوو وڵاتی جیاوازدا بوون بە دوو هاووڵاتیی جیاواز و یەکتردیتنیان لێ قەدەغە کرا. بەهۆی تازە کێشانی سنوورە دەستکردەکانەوە، سەدان گوند و شارۆچکە کراون بە دوو بەشی [دابەشکراو بەسەر دوو دەوڵەتی دەستکردda].(ii)

خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم قەوارە نوێیانەی بە چەند ناوێک و لە ڕێگەی شێوازی جیاوازی دەسەڵاتەکانەوە دامەزراون، وەک پاشایەتیی، کۆماریی، ئیمارات و ...هتد؛ قۆرخکاریی دەسەڵات بوو لەلایەن کۆمەڵەیەکی بچووکی دەستەبژێر، ئەمانە پێیان وابوو ئەوان خاوەنی هەموو شتێکن و ڕێگە بە خۆیان دەدەن هەموو شتێک جڵەو بکەن و ئەوانی دیکەش لە هەمان ماف بێبەش بکەن. ئەم بیرسایە لە خاوەندارێتیی بە شێوەیەکی زەق لە چوارچێوەی تەواوی پێڤاژۆی حوکمڕانیی و سیاسەت لە ناوچەکەدا شێوەی

(i) K. Yildiz and M. Muller, The European Union and Turkish Accession: Human Rights and the Kurds (London: Pluto Press, 2008), p. 8.
(ii) S. Saeed, Kurdish Politics in Turkey: From the PKK to the KCK (London: Routledge, 2017), p. 15.

گرتووە. بە شێوەیەک، کاتێک سەرکردەیەک باسی ئاسایشی نیشتمانیی و بەرژەوەندیی نیشتمانیی دەکات، ئەوەی ڕاستیی بێت، مەبەستیان تەنیا بەرژەوەندیی خێزانەکەی، هۆزەکەی یان لایەنە سیاسییەکەی خۆیانە. وەک ماکس ڤیبەر لێی کۆڵیوەتەوە، دەوڵەت بە تەنیا مافی بەکارهێنانی هێزی جەستەیی هەیە یان ڕێگە بە بەکارهێنانی هێزی جەستەیی دەدات لە ژێر ناوی توندوتیژیی ڕەوادا، ئەویش بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی، [ئەمەش تەنیا] بەپێی یاسا. ئەم بیرسایە، بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک تایبەتمەندییەکی بنچینەیی دەوڵەتی مۆدێرن سەیر دەکرێت.(i) کەچی لەباری دەوڵەتە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بیرسای خاوەنداریێتیی دەوڵەت بە ئاسایش و بەرژەوەندیی سەرکردە و ئەو دەستانە لێک دراوەتەوە وا خۆیان بە خاوەنی دەوڵەت دەزانن. بە واتایەکی تر خاڵە سەرەکییەکان بریتین لە نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە هاووڵاتیبوون، سەروەریی یاسا و دیموکراسیی. بۆ ئەمەش، گرنگ نییە دەسەڵات و حوکمڕانیی لە دەستی دەستە ئایینییەکان یان عەلمانییەکان، پاشاکان یان کۆمارییەکان، سۆسیالیستەکان یان سەرمایەدارەکاندا بێت؛ یان هەر دەستەیەکی دیکە. لە هەموو بارەکاندا، هێشتا دەسەڵات لەلایەن دەستەیەک یان چەند گرووپێکەوە قۆرخ کراوە و ئیرادەی کەمینەیەک بە سەر زۆرینەی خەڵکدا سەپێندراوە.(ii)

(i) A. Munro, ‘State Monopoly on Violence’, Encyclopaedia Britannica, (6 March 2013), available at: https://www.britannica.com/topic/state-monopoly-on-violence.
(ii) M. Bevir, ‘Governance’, Encyclopaedia Britannica, (11 April 2024), available at: https://www.britannica.com/topic/governance.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا، ناوچەکە چەندین گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بینیوە و بە ناوی جێگرەوە پێشنیارکراوەکانەوە مامەڵەیان پێوە کراوە. بەڵام، نزیکەی هەموویان بە نیوەچڵ(i) و ڕووکەش و نابنچینەیی بۆ چارەسەری قەیرانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان تایبەتمەند بوون. چەندین شۆڕش و کودەتا بە ڕێککەوت بۆ گۆڕینی دەستەبژێرە زلهێزەکان و هێنانەدی ئەو بەناو جێگرەوانە ڕوویان داوە.(ii) پادشاکان ڕووخێنران و سەرۆکەکان هاتن، ئیسلامییەکان لا بران و عەلمانییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست. ناسیۆنالیستەکان هاتن و دەستە ئایینییەکان زیندان کران؛ سۆسیالیستەکان پەراوێز خران و لیبراڵەکان جێگەیان گرتنەوە. کەچی، هێشتا قەیرانەکان بەردەوام بوون و ئاژاوەکان ئاڵۆزتر بوون.(iii) بێگومان، دەکرێ بگوترێت، هۆکاری سەرەکیی مانەوەی هەموو پێشنیارەکان لە بنبەستدا، بانگەوازی نیوەچڵی گۆڕانکارییە لە ناوچەکەدا. لە بنەڕەتدا، بەهۆی پێشنیارنەکردنی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیی ڕیشەیی، بانگەوازی گۆڕانکاریی، لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە سیاسییە بەشەکییەکاندا سنووردار کراوە. بە واتایەکی دیکە، گرنگیدان بە بزووتنەوە سیاسییەکان و چاوپۆشیی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە، نیوەچڵیی گۆڕانکاریی و جێگرەوەی لێ کەوتووەتەوە. مشتومڕی ئەوە دەکرێت، هیچ نەبێت

(i) R. McKim and J. McMahan, The Morality of Nationalism (Oxford: Oxford University Press, 1997), p. 112.

(ii) G. Haddad, ‘Revolutions and Coups D’Etat in the Middle East: A Comparative Study’, Die Welt Des Islams 10(1/2), (1965), pp. 17–32.

(iii) M. Castells, Networks of Outrage and Hope: Social Movements in the Internet Age (Cambridge: Polity Press, 2012), p. 9.

لە ڕووی تیۆرییەوە، جیاوازییەکی جەوهەریی لە نێوان بزووتنەوە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئامانجی بزووتنەوە سیاسییەکان دەوڵەتە. ئامانجیان گۆڕینی دەسەڵاتی دەوڵەتە. نەک خەبات بۆ گۆڕینی پێودانگ و بەهاکانی سیستەمی دەوڵەت، وەک ئەوەی لە بزاوتەوە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشە فرەڕەهەندەکاندا ڕەچاو دەکرێ،(i) بەڵکوو دەکرێت شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دامەزراوەکانی نێو سیستەمی دەوڵەت، ئامانجی سەرەکیی بزووتنەوەیەکی سیاسیی بێت. بەڵام «بە درێژایی مێژوو، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمهێنەری بەها و ئامانجی نوێن، کە لەگەڵیدا دامەزراوەکانی کۆمەڵگا دەگۆڕدرێن بۆ نوێنەرایەتیی ئەم بەهایانە، ئەویش بە ئاواکردنی پێودانگی نوێ بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتیی.»(ii)

بەمشێوەیە، دەتوانرێت بگوترێت، پێشنیارکردنی جێگرەوە بۆ ئاژاوەی [خۆرهەڵاتی ناوەڕاست] لە ڕێی گۆڕینی ناو و ڕووخسارەکانەوە نایەتە کایەوە. بە ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی دژی پاشاکان و دامەزراندنی قەوارەیەکی کۆماریی بەدی نایەت. بە پەراوێزخستنی دەستە ئایینییەکان و برەودان بە عەلمانییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو نادات. لەبەر ئەوە، مرۆڤ دەتوانێت ڕاشکاوانە بڵێت، سەرهەڵدانی دەستە توندڕەوەکانی وەک قاعیدە و داعش دەرئەنجامی ئەم ئەندێشانەن. گۆڕینی کەمالیزمی عەلمانیی

(i) M. Zald and R. Ash, 'Social Movement Organisations: Growth, Decay, and Change', Journal of Social Forces 44(3), (1966), pp. 327–341.

(ii) M. Castells, Networks of Outrage and Hope: Social Movements in the Internet Age (Cambridge: Polity Press, 2012), p. 13.

بۆ ئەردۆگانیزمی ئیسلامیی لە تورکیادا، کێشەی سەرەکیی قۆرخکاریی و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیی چارەسەر نەکرد. گۆڕینی سەدام حوسێنی سوننە و عەلمانیی بۆ پیاوانی ئایینیی شیعە لە ئێراق، قەیرانەکانی وڵاتەکەی کەم نەکردەوە. بەمشێوەیە، چارەسەر لە گۆڕینی زیهنی گەل و پێدانی دەسەڵاتە بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان، نەک پێدانی دەسەڵات بە کەمینەیەکی بچووک و سەپاندنی ئیرادەی خۆیان بە سەر زۆرینەی گەلاندا.(i)

بە ئاوڕدانەوە لە سەد ساڵی ڕابردووی گۆڕەپانی سیاسیی ناوچەکە؛ دەتوانین مشتومڕی ئەوە بکەین کە هەتاوەکوو ئێستا، هەر جێگرەوەیەک لە ناوچەکەدا پێشنیار کراوە، نیوەچڵ، ڕووکەش، نابنچینەیی(ii) بووە و لەلایەن ئەو خەڵکانەوە پێشنیار نەکراوە وا بە تەواوی لە ئاژاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێگەیشتوون و باوەڕمەندن. بۆ نموونە، دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیی مۆدێرن لە ساڵی ١٩٢٣، هەرگیز ڕەنگدانەوەی نەبووە لە پێویستیی و داواکاریی زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچەیەدا کە لەم دواییانەدا ناوی تورکیایان لێ ناوە. لەبەر ئەوە، نزیکەی هەموو دەیەیەک کودەتا ڕووی داوە و بە جۆرێک دەستەیەکیان لا بردووە و دەستەیەکی دیکەیان هێناوەتە سەر شانۆ. لەگەڵ ئەوەش قەیرانەکان هەمیشە

(i) A. Touraine, The Voice and the Eye: an Analysis of Social Movements (Cambridge: Cambridge University Press, 1981), p. 84.
(ii) R. McKim and J. McMahan, The Morality of Nationalism (Oxford: Oxford University Press, 1997), p. 114.

خراپتر و ئاڵۆزتر بوون. کاتێک باسی بارودۆخی تورکیا دەکرێت لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵدا، هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵیی لەو واقیعە پشێوییەی [دەوڵەتی تورکیا] بکات.(i) بارودۆخی میسر و ئێران وەک دوو دەوڵەتی مامناوەندیی دیکەی ناوچەکە، لە تورکیا باشتر نین. بە هەموو پێوەرەکان، ئێراق و سووریا، خراپترن لە سێ دەوڵەتی دیکەی ئاماژەپێکراوی ناوچەکە.

کەواتە، بابەتی گۆڕانکارییە بنچینەییەکان، دەبێت لە گۆڕانی زیهن و ڕیشەی سیستەمەوە بێت، نەک گۆڕینی ناو و ڕووخسار و گۆڕینی ڕووکەشی هەندێک ئاڵا و هێما و ڕێسای دەستکرد.(ii) لەم ڕووەوە، پێشنیارێک هەیە و تا ئێستا لێی نەکۆڵراوەتەوە؛ ئەم جێگرەوەیە، هەوڵ دەدات دەست لە ڕیشەی قەیرانەکان بدات و دەست دەکات بە گۆڕینی ئەو زیهنیەی وا خەریکە درێژە بە قەیرانەکان لە ژێر ناو و شێوە جیاوازەکاندا دەدات بۆ دەیان ساڵ و سەدە. عەبدوڵا ئۆجالان، جێگرەوەی بۆ سیستەمەکە و ئەو ئاژاوە درێژخایەنەی هەنووکە لە ئارادایە، پێشنیار کردووە. دەتوانرێت بگوترێت تێڕامان لەم جێگرەوەیە، ڕەنگە سوودی هەبێت بۆ گۆڕانکارییەکان و کردنەوەی دەرگایەک بەرەو چارەسەرکردن بۆ ئەم قەیرانە ماوەدرێژە.

(i) K. Oktem and N. Guyatt, Angry Nation (UK: Bloomsbury Publishing, 2012), available at: https://www.perlego.com/book/2011859/angry-nation-turkey-since-1989-pdf.

(ii) A. Ocalan, Prison Writings III: The Road Map to Negotiation (Europe: Mesopotamia Publisher, 2012).

## جێگرەوە بۆ [چارەسەر]ی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئەگەر مرۆڤ قەبووڵی بکات کە سەرچاوەی قەیرانەکان لە بیرسای زیهنی مرۆڤی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، ئەگەر مرۆڤ لەوە تێبگات گۆڕینی ناو و ڕووخسار لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، کاریگەر نەبووە، ئەوا دەتوانێت پێشنیاری ئەوە بکات کە چارەسەرەکە لە ڕەخنەگرتن لە پایەکانی سیستەم و حوکمڕانیی و لە ڕێی پێشنیاری جێگرەوەیەکەوە دێتە ئاراوە.(i) عەبدوڵا ئۆجالان و هەڤاڵەکانی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، خەریکی بیرکردنەوە لە چارەسەرێک بوون و لەم دواییانەدا گەیشتن بە ئەو پنتەی دەتوانرێت لە ڕێی هەڵوەشاندنەوەی پایەی سیستەمی ئێستا و پێشنیارکردنی جێگرەوە چارەسەر بدۆزرێتەوە. کاتێک ئۆجالان ڕەخنە لە واقیعی ناوچەکە دەگرێت، کۆمەڵێک بیرۆکەی نامۆ پێشنیار دەکات. ئۆجالان، تاوتوێی ئەوە دەکات کە سێ نەهامەتییەکەی شارستانییەتی هاوچەرخ بریتین لە؛ دەوڵەت-نەتەوە، سەرمایەداریی و باوکسالاریی، سا پێکەوە ئەو شتە پێک دەهێنن وا ناوی دەنێت ‹مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی›.(ii) [لە بەرانبەردا]، ئۆجالان، چەمکسازیی بیرۆکەی نوێ دەکات کە وەک ‹مۆدێرنەی دیموکراتیک› پێشنیاری دەکات. ئەم چەمکە نوێیە بۆ ئاواکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی و ئەخلاقییە و لەلایەن

(i) M. Castells, Networks of Outrage and Hope: Social Movements in the Internet Age (Cambridge: Polity Press, 2012), p. 13.

(ii) A. Negry, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 51.

مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە لەبار براوە. دەتوانین بڵێین جیهانی نوێ، لەسەر مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی وەستاوە، کە سەرمایەداریی و پیشەسازیی لەگەڵ کۆمپانیا داراییە زەبەلاحەکانیدا بزوێنەری ئەم سیستەمەن. هێشتا، شێوازی دەوڵەت-نەتەوە کارکردەیی بەدەنی ئەم سیستەمەیە. ئۆجالان مشتومڕی ئەوە دەکات، پێویستە هەریەکێک لەم سێ پایەیە، دانە بە دانە هەڵبوەشێندرێنەوە و پاشان ئاوا بکرێنەوە.(i)

هەنووکە، لە جیهاندا مشتومڕێک لە گۆڕێیە کە لە بنەڕەتدا، ئیدی هیچ ئاڵنگارییەکی بنچینەیی لە بەردەم سیستەمی سەرمایەداریدا لەگۆڕێ نییە. هەموو زلهێزە سەرەکییەکانی جیهان بە جۆرێک ملکەچی نیولیبراڵیزم بوون. ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا، چین و ڕووسیا هەموویان بە کردەوە جۆری جیاوازی هەمان سیستەمن. بەڵام، بە کردەوە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا، شێوەی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە، هێشتا وەک دەفرێک دادەنرێت و سیستەمەکەی تێدا لە قاڵب دەدرێت. لە چینەوە بۆ ئەمریکا وەک دوو زلهێزی زەبەلاح تا قەتەر و بۆتان وەک دوو قەوارەی بچووک، تا تورکیا و ئێران و میسر وەک زلهێزی مامناوەند؛ هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی خۆیان وەک نەتەوە و دەوڵەتەکانیان وەک دەوڵەتی نەتەوەیی دەبینن.(ii) گرنگ نییە بە دوای کام ڕژێمی حوکمڕانییدا دەگەڕێن، بانگەشەی کام سیستەم دەکەن، مرۆڤ بە ئاسانیی دەتوانێت تێبینیی

(i) A. Ocalan, Democratic Confederalism (London: Trans Media Publishing Ltd, 2011), p. 16.

(ii) R. Holton, Globalization and the Nation State: 2nd Edition (UK: Bloomsbury Publishing, 2011).

ئـەوە بـکات هـەموویـان لـەنـاو زەریایەکـدا مـەلـە دەکـەن و دەتوانرێـت نـاوی بنێیـن سیسـتەمی سـەرمایەداریی، نیولیبرالیـزم.

وەک ئۆجـالان پێشـنیاری کـردووە، دەکرێـت پێڤـاژۆی هەڵوەشـاندنەوەی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی پێڤاژۆیەکـی درێژخایـەن بێـت، بـە شـێوەیەکی سـەرەکیی لەسـەر سـێ پایـە وەسـتاوە، دەتوانرێـت لـە ڕێـی بەکارهێنانـی سـەرچاوەکانی خـودی سیسـتەمەکەوە بەدەسـت بهێنرێت. ئەم تێگەیشـتنە، پێشـنیارەکە تەواو سـەرنجکێش دەردەخـات. چـۆن مـرۆڤ دەتوانێـت سـەرچاوەکانی سیسـتەم بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی خـودی سیسـتەمەکە بـەکار بهێنێت؟ پێشـنیارکردنی جێگـرەوە بـۆ پایەکانـی سیسـتەمەکە، بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان باڵکێشـە.

یەکـەم: ئۆجـالان، نەتـەوەی دیموکـرات وەک دەفرێکـی جێگـرەوە بـۆ ئـەو گەلـە پێشـنیار دەکات وا لەلایـەن سیسـتەمی سـەرمایەداریی ملکـەچ کـراوە، لەگـەڵ ئـەو سـەرچاوە مرۆییانـەی دەوڵـەت پاوانـی کـردوون. دەکرێـت بەڕێوەبردنـی نەتـەوە لـە ڕێگـەی دیموکراسـیی بنگەهـی ڕاستەوخۆوە بێت، ئەویش لە ڕێـی بەهێزکردنی جەماوەریی گـەلان و دەرخسـتنی فرەچەشـنیی و یەکسـانیی دەرفـەت و مافـەکان بەبێ هیـچ جـۆرە جیاکارییـەک بـۆ هیـچ دەسـتەیەک، جـا بەبێ گوێدانە خاڵـە جیاوازەکانـی نێوانیـان. پێویسـتە کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک (i)بەڕێوەبردنێکـی دیموکراسـیی بێـت، وەک جێگرەوەیەک بۆ دەوڵەت-

(i) A. Otegi, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 41.

نەتـەوە پێشـنیار دەکرێت و بـە شـێوەیەکی سرووشـتیی و لـە بنەڕەتدا [دەوڵەت-نەتـەوە] دامەزراوەیەکـی چەوسـێنەرە. لـەم ڕووەوە، دەبێ کۆمـار لەسـەر بنەمـای ئیرادە و خواسـتی گەلانـی هەمەچەشـن لـە نێو نەتـەوەی دیموکراتـدا بنیـاد بنرێت.(i) ئۆجـالان دەڵێـت، زۆرینـەی ئـەم گەلانـەی خوازیـاری ژیانێکـی ئازادیخوازانـەن، ڕێـڕەوی بەدیهێنانـی ئـەم ئارەزووەیـان دەدۆزنـەوە. ئـەم زۆرینەیـە، هـەم هێـزی ئـەوەی هەیـە شـێوەژیانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بەجـێ بهێڵێـت و هـەم لـە نموونـەی دەوڵەت-نەتـەوە کـە سیسـتەم پێشکەشـی دەکات و لەلایـەن مۆدێرنیتە سـەرمایەدارییەوە بە دەسـەڵات دادەنرێت، ڕزگاری بێت.(ii)

دووەم: سـەرمایەداریی پایەیەکـی ئـەو سیسـتەمەیە و لـە بنچینـەدا، [بەپێـی] بنەمـای مافـی مـرۆڤ نەوەسـتاوە؛ بەڵکـوو سیسـتەمێکی چڵێـس و بنچینە-بەرژەوەندییـە و مانـەوەی بـە قەیـران و ئـاژاوەوە بەنـدە. [لـەم هەلومەرجـەدا] مرۆڤایەتـی یەهڵبـژاردەی دیکـەی پـێ نـەدراوە و [ناچـار] تەنیـا یـەک بـژاردەی قەبـووڵ کـردووە، ئەمیش سیسـتەمی سـەرمایەدارییە. پێشـنیارکردنی ئابوورییەکی کۆمەڵایەتیی و جڤاتـی لـە سـەر بنەمـای ڕێزگرتـن لـە سرووشـت و مرۆڤـەکان، جێگرەوەیەکـی دیکەیـە و شـایەنی بیرکردنەوەیـە.

پیشەسـازی یەکێکی تر لـە ئامرازەکانی ئـەو سیسـتەمەیە و تەنیا گرنگـی بـە بەرژەوەندیـی و کەڵەکەکردنـی سـەرمایە دەدات، ئەویـش بەبێ گوێدانـە سرووشـت و ڕێبـازی ڕێزدارانـە بۆ پاراسـتنی سـامانە سرووشـتییەکان و ژینگـە. بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە، مۆدێرنیتـەی

(i) A. Ocalan, Democratic Confederalism (London: Trans Media Publishing Ltd, 2011), p. 18.
(ii) A. Negry, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 52.

دیموکراتیـک، پیشەسـازییەکی ژینگەیـی پێشـنیار دەکات کـە ڕێـز لـە سرووشـت و ژیـان لەسـەر هەسـارەی زەوی دەگرێـت.(i)

سـێیەم: باوکسـالاریی یەکێکی تـرە لـە بەربەسـتە درێژخایەنـەکان، هـەزاران سـاڵە ڕەگـی بـە قووڵایـی کۆمەڵگاکانـدا ڕۆ چـووە. ئۆجـالان ڕوانگـەی وایـە، پایـەی بەهێـزی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی بەهـای باوکسـالارییە. لەبـەر ئـەوە، پێویسـتە ڕێـگای ئازادیـی کۆمەڵـگا بـە ئازادیـی ژن لـە زیهنـی زاڵێتیـی نێـردا تێپەڕێـت.(ii) شـایەنی ئاماژەیـە، بیرۆکـەی ئـەوەی دەبێـت بـە پێودانگـی ئازادیـی ژن، سـەرکەوتن و شکسـتی شـۆڕش بپێورێـت، بـۆ یەکەمجـار لەلایـەن شـارل فووریـێ ‹سۆسیالیسـتی یۆتۆپیایـی› پێشـنیار کـراوە.(iii) بـەڵام دەتوانرێـت بگوترێـت، بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژوودا، پرۆژەیەکـی کاریگـەر لەسـەر بنەمـای پێشـەوایێتیی ژن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا سـەرپێ کەوتـووە. ئـەو دەورە گرنگـەی ژن لـە گوتـاری ئۆجالانـدا وەری گرتـووە، گرنگیی تیشکۆخسـتنە سـەر باوکسـالارییە وەک شـێوازێکی سـەرەکیی زاڵبـوون کـە پەیوەندییەکـی نزیکـی بـە سـەرمایەداریی و کۆڵۆنیالیزمـەوە هەیـە.(iv)

بێگومـان، دەتوانیـن بڵێیـن، ڕەخنـەی ئۆجالانیش لـە سیسـتەمەکە و پێشـنیارکردنی جێگـرەوەی لـەو شـێوەیە بـێ گیـروگاز نییـە، ئەمەیـش

(i) I. Wallerstein, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 36.
(ii) A. Ocalan, War and Peace in Kurdistan (London: Trans Media Publishing Ltd, 2008), p. 26.
(iii) P. Wilson, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 56.
(iv) R. Zibechi, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 138.

نەک بەهۆی هەلومەرجی هەنووکەیی واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دیارە خراپترە لەوەی مرۆڤ دەتوانێت ببینێت. بەڵکوو بەهۆی نەبوونی ئامادەکاریی کۆمەڵایەتیی و پەروەردەیی بۆ تێگەیشتن لە قەیرانەکان و بیرکردنەوە لە جێگرەوەکە. بەم پێیە، ئۆجالان بە شێوەی کردەکیی داوای ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا دەکات بۆ ئەوەی دەست بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە زیهنییەتی خەڵکدا بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا جێگرەوەیەکی باشتر بێتە کایەوە. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە لە نێوان ئۆجالان و ئەو بیرمەندانەی دیکە وا لە سەد ساڵی ڕابردوودا جێگرەوەیان پێشنیار کردووە. ئۆجالان بیرمەندێکە، هاوکات ڕێبەرێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسییشە.(i) لە کاتێکدا لە ڕووی تیۆریەوە جێگرەوەیەک بۆ سیستەمەکە پێشنیار دەکات؛ بە کردەوە کاریگەریی لەسەر ملیۆنان کەس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە.(ii) سەرەڕای یاساخبوونی لە تورکیا و شوێنەکانی تر، سیستەمی کەجەکە (کۆما جڤاکێن کوردستان)(iii) بە دەرفەتی سنووردارەوە بۆ پێشنیار و ڕاپەڕاندنی جێگرەوەیەک لەسەر ئاستی بچووک و لە دەڤەرە بچووکەکاندا، هێشتا؛ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زیهنییەتی و ڕوانگەی خەڵک بەرانبەر بە ژیان و سرووشت هەبووە. کەواتە، ئۆجالان تەنیا جێگرەوەیەک بۆ سیستەمی سیاسیی و کردەیی قۆرخکاریی دەوڵەت-نەتەوە پێشنیار ناکات، ئەوەی

---

(i) K. Tatort, Democratic Autonomy in North Kurdistan: The Council Movement, Gender Liberation, and Ecology in Practice, a Reconnaissance into South Eastern Turkey (Norway: New Compass Press, 2013).

(ii) R. Zibechi, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 142.

(iii) کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) دامەزراوەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کوردییە و پابەندە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی ئۆجالانەوە.

ڕاستیی بێت، ئۆجالان، شێوەژیانێک بە کاکڵەیەکی دیموکراسیی و ڕێبازی ڕێزدارانە لە سرووشت و ئەو زیندەوەرانەی وا لەگەڵ مرۆڤدا دەژین، پێشنیار دەکات.(i)

مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانیی بڵێت؛ پێشنیارکردنی بیرۆکەی نامۆی لەم چەشنە لە ناوچەکانی وەک کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوورە لە واقیع و دەرەنجامی ئەرێنیی. بە پێچەوانەوە ئەو نموونەیەی ئۆجالان وەک چارەسەرێک بۆ قەیرانەکانی ناوچەکە پێشنیاری دەکات، دەتوانێت زێدەتر لە هەموو پێشنیارەکانی دیکە بۆ فرەڕەنگیی هەمەچەشنی ناوچەکە گونجاوتر بێت. لە کاتێکدا کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک لە بنەڕەتدا برەو  بە ناسنامە جیاوازەکانی ناوچەکە دەدات و دەیانپارێزێت، بەڵام لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئایین، ڕەگەز، یان هیچ خاڵێکی جیاکاریی دیکە، کە لە سەدساڵی ڕابردوودا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوەدا لە ناوچەکەدا کاریان پێ کراوە، دانەمەزراوە. لەم ڕووەوە، ئۆجالان چارەسەرێک بۆ بنبەستی سیاسیی تورکیا پێشکەش دەکات، [سەرلێشێواوییەکی سیاسیی] کە بەهۆی بیرسای تواندنەوە و یەکخستنی ناچاریی زۆرەملێ بە دەسیسەی دەوڵەت-نەتەوە لە تورکیا، هاتووەتە ئاراوە. ئۆجالان دەنووسێت:

«چارەسەرێکی سادە پێشکەش بە کۆمەڵگەی تورکیا دەکەم. ئێمە داوای نەتەوەیەکی دیموکراتیخواز دەکەین. ئێمە دژایەتی یەکێتیی دەوڵەت و کۆمار ناکەین. ئێمە کۆمار و پێکهاتە یەکگرتووەکەی و

(i) D. Graeber, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 1879.

عەلمانییەتەکەی قەبووڵ دەکەین. بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە دەبێت [کۆمار] جارێکی دیکە، وەک دەوڵەتێکی دیموکراسیی، کە ڕێز لە گەل و کەلتوورەکان و مافەکان بگرێت، ڕێک بخرێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، دەبێت کورد ئازاد بێت لە ڕێکخستن، بە شێوەیەک؛ بتوانێت کەلتوور و زمانی خۆی بژی و بتوانێت لە ڕووی ئابووریی و ژینگەییەوە گەشە بسەنێت. ئەمەش ڕێگە بە کورد و تورک و کەلتوورەکانی دیکە دەدا تا لە ژێر ئاسمانی نەتەوەیەکی دیموکراسیی لە تورکیا کۆ ببنەوە. بەڵام ئەمە تەنیا بە دەستوورێکی دیموکراسیی و چوارچێوەیەکی یاسایی پێشکەوتوو، کە ڕێزگرتن لە کەلتوورە جیاوازەکان دەستەبەر بکات، فەراهەم دەبێت. بیرۆکەی ئێمە بۆ نەتەوەیەکی دیموکراتیک بە ئاڵا و سنوور پێناسە ناکرێت. بیرۆکەی ئێمە بۆ نەتەوەی دیموکراتیک، نموونەیەک دەگرێتەوە لەبری نموونەیەک لە سەر بنەمای بنیادی دەوڵەت و بنەچەی نەژادیی، لە سەر بنەمای دیموکراسیی دامەزرا بێت. تورکیا پێویستی بەوەیە خۆی وەک وڵاتێک ڕێک بخاتەوە کە هەموو نەتەوەکان لەخۆ بگرێت. ئەمەش، دەبێتە نموونەیەک بە پێودانگی مافەکانی مرۆڤ، نەوەکوو ئایین و ڕەگەز. بیرۆکەی ئێمە بۆ نەتەوەیەکی دیموکراتیک، هەموو نەتەوە و کەلتوورەکان لەخۆ دەگرێت.»(i)

ئەم دەربڕینە، دەتوانێت پێشنیارنامەیەک بێت بۆ «چارەسەری پرسی کورد» لە تورکیا. بەڵام، پرسگەلێک دەوروژێنێت کە زۆر گشتیتر و بەربڵاوترن لەو پرسیارە جیۆ-مێژووییە تایبەتانەی

(i) A. Ocalan, War and Peace in Kurdistan (London: Trans Media Publishing Ltd, 2008), p. 46.

دەیانخاتە ڕوو.(i) بە دڵنیاییەوە لە سەرانسەری ناوچەکەدا، مرۆڤ دەتوانێت هەمان ئەو پرسە نەتەوەیی و ئایینیی و مەزهەبیی و ڕەگەزیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییانە ببینێت وا دەتوانرێت لە ڕێی پڕۆژەی یەکسانیخوازانەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراسییەوە چارەسەر بکرێن. هەبوونی ژن، کەمینە نەتەوەییەکان، کەمینە ئایینییەکان و هەموو دەستە و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاکانی چوارچێوەی سیاسەت و پراکتیکی کەجەکە، بەڵگەیەکی باشە کە نموونەی پێشنیارکراوی ئۆجالان، دەتوانرێت بە ئاسانیی لە ناوچەکەدا جێگیر بکرێت.(ii) بە دەربڕینێکی دیکە، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی دەتوانێت نموونەیەک بێت و یەکڕیزیی درووست بکات بە ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی نێوان نەتەوەکان، نەژادەکان، دەستە ئایینییەکان، ئەویش بەبێ سڕینەوەی خواست و ئیرادە و ناسنامەکانیان.

دەکرێ بگوترێت، ئەم پڕۆژەیە هێشتا دەرفەتی ئەوەی پێ نەدراوە تا بە تەواویی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاقی بکرێتەوە. لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕۆژاڤا تاقیکردنەوەیەکی سنووردار هەیە و ئیدارەیەکی پاش شکستی داعش لە سووریا خۆبەڕێوەبەریی بەپێی پڕۆژەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک ڕاگەیەندراوە. لەو کاتەوە گوتارێکی جیاواز خراوەتە بواری کردەییەوە. ئەم ئیدارەیە، بە پێشکەشکردنی جێگرەوەیەک بۆ سیستەمی باو و ئەو سیاسەتە زاڵەی لە شوێنەکانی تر هەیە، دەناسرێتەوە. ئەم خۆبەڕێوەبەرییە

(i) I. Wallerstein, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 36.
(ii) S. Saeed, Kurdish Politics in Turkey: From the PKK to the KCK (London: Routledge, 2017), p. 137.

فرەڕەهەندە، بە شێوەیەکی ڕیشەیی لەسەر تێگەیشتنی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی لە چەمکەکان و کردەکییکردنەوەی ڕووداوەکان دامەزراوە. بە دەربڕینێکی تر، ئەم ئیدارەیە بیر لە پێناسەکردنەوەی چەمکەکان و پێشنیارکردنی جێگرەوە بۆ ئەو چەمکە بنەڕەتیانەی شێوە بە سیاسەت و کرداری کۆمەڵگاکان دەدەن، دەکاتەوە.(i)

بە کورتیی؛ پرۆژەکە داوای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانە دەکات، ئەویش لە ڕێگەی گۆڕینی سیستەم و ئەو زیهنییەتەی بەهۆی کاری درێژخایەنی سیستەمەکەوە درووست بوون. سەرەڕای هەموو سنووردارکردن و سەختی و ئاڵنگارییەکان، دەرئەنجامی خەباتی ئۆجالان و هەڤاڵەکانی، لە سالانی نزیکی داهاتوودا دەبینرێت. هەنووکە، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی مەزن لە برەودایە و لەلایەن ژنەوە سەرکردایەتیی دەکرێت، ئەویش بە درووشمی «ژن، ژیان، ئازادیی»(ii)، کە ڕاستەوخۆ بە کاریگەریی و سرووشی پرۆژەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی، هەڵێنجراوە. ئێستاکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕستدا، مرۆڤ دەتوانێت ئەم پرسیارە بکات؛ کێ دەتوانێت نکوڵیی لە بەهێزبوونی ژن و ڕێزگرتن لە هەمەچەشنیی بکات لەو جێگایانەی ئۆجالانی بە باشیی لێ ناسراوە، [کاریگەریی تێگەیشتنەکانی] لە سەر ئەو کەسانەی سرووشیان لە بیرۆکەکانی ئۆجالان وەرگرتووە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟

(i) M. Leezenberg, 'The ambiguities of democratic autonomy: the Kurdish movement in Turkey and Rojava', Southeast European and Black Sea Studies 16(4), (2016), pp. 671–690.

(ii) D. Dirik, The Kurdish Women's Movement: History, Theory, and Practice (London: Pluto Press, 2022).

# ئەنجام

بە تێڕوانینێکی زانستییانە لە قەیرانی دەوڵەتە دەستکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکرێت بگوترێت پڕۆژەی دەوڵەت–نەتەوە، دوای سەد ساڵ لە مانۆڕی سیاسیی خۆی، گەیشتووەتە خاڵێک کە دەکرێ وەک دەوڵەتگەلی پەنگخواردوو و شکستخواردوو پێناسە بکرێن. سەد ساڵی ڕابردووی سەردەمی پڕۆژەی دەوڵەتە نەتەوەییە دەستکردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە باشیی تاقی کراوەتەوە و ئەزموون کراوە. کەچی هێشتا پڕۆژەی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک بە ئەندازەی پێویست نەخراوەتە بەر ڕۆشنایی تاوتوێی زانستیی. جا چ بگات بەوەی دەرفەتی جێبەجێکردن و کردەییبوونەوەی پێ درابێت، وەک ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە پێشنیار دەکرێت. بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕوانییە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕیشەی قەیرانەکان و لێکەوتەکانی ئاژاوە لە داهاتوودا. سەیری ڕابردوو و هۆکارەکانی ڕووداوەکانی کرد، ئەویش بۆ بینینی تەواوی چوارچێوەی وێنەی ئاژاوە لە خۆرهەڵاتدا. بەشی دووەم، بریتی بوو لە سەیرکردنی جێگرەوەی پێشنیارکراو و بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە هەندێک جێگرەوە بۆ قەیرانەکانی دوای دارمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی. هەروەتر، ئاکامەکانی ئەو گۆڕانکاریانەی لەو کاتەوە هاتوونەتە گۆڕێ.

لـەوەش گرنگتـر، توێژینەوەکـە هەوڵـی دا لـە جێگـرەوەی تـازە پێشـنیارکراو، بـەڵام بـە تەواویـی جێبەجێنەکـراو بـۆ قەیرانەکانـی ناوچەکـە، بکۆڵێتـەوە. توێژینەوەکـە پێشـنیاری کـردووە کـە پـڕۆژە نوێیەکـە، گرنگییەکـی قووڵـی هەیـە، سـەرەڕای ئـەوەی لەلایـەن دامـەزراوە ئەکادیمییـە سـەرەکییەکان و دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن و ناوەندەکانی بیرکردنـەوەوە لێکۆڵینـەوەی کەمـی لـێ کـراوە. دەکرێـت کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک وەک جێگـرەوە و چارەسـەرێک بـۆ ئـەو گرفتـە درێژخایەنـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، سـەیر بکرێـت. لـە بنەڕەتـدا، پڕۆژەکـە ڕەخنـە لـە واقیعـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەگرێـت. کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیـک، تایبەتمەنـدە بـە ڕێبازێکـی جەماوەریـی کۆمەڵایەتیـی و گرنگیـی بـە بەهێزکردنـی کەمینـەکان و ژن دەدات، لەگـەڵ لەخۆگرتنـی هەمـوو دەسـتە پەراوێزخـراوە دوورخـراوەکان و داننـان بـە هەمـوو ناسـنامەکان و فەراهەمکردنـی مافی یەکسـان بۆ هەمووان. بەمشـێوەیە توێژینەوەکە پێشـنیاری کرد، کـە دەکرێت کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیک شـایانی ئـەوە بێت دەرفەتی بـۆ برەخسـێندرێت تـا وەک جێگرەوەیەکـی واقیعیـی بـۆ نموونـەی دەوڵەت-نەتـەوە، کـە هێشـتا نموونـەی سـەرەکیی حوکمڕانییـە لـە ناوچەکـەدا، بـۆ تـەواوی سـەد سـاڵی ڕابـردوو، لێـی بکۆڵرێتـەوە.(i)

(i) D. Graeber, Building Free Life: Dialogues with Ocalan (Oakland: PM Press, 2020), p. 179.

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشەمۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com